
برێڤ

# شاتەرێسە



شێرزاد هەینی ـ سوید
Sherzad55@hotmail.com

من کەنارو زەیتونی دوورگەی (سیسلیا) ناناسم، هەفتەیەک لە قوبرس نەماومەتەوە، ئەوەندە لە وڵاتی کوبا دەزانم سستەمەکەی شیوعییەو چەند سستەرێکیان لە نەخۆشخانەکانی خۆمان کاریان دەکرد، ئێمە شارەزا نین .. سەفەرمان نەکردووە، لە فیلمەکانا ئەهرامەکانی میسرمان دیوە، نازانین ئەو وڵاتە درێژەی ناوی شیلییە چۆن و بۆ وا بەدرێژی هەڵکەوتووە. لە فەرهەنگی ئێمە ( شاتەرێسە) و( پاکێت رێسە) و (سستەمیونیت) و ( هەفتانە سەفەر) نییە، کەرەستەی سەفەرمان نییە، تا تەمەنم گەیشتە سەرووی چل ساڵیش شێوەی پاساپۆرتمان نەدیبوو، نەماندەزانی ڤیزا چۆن وەردەگیرا، سەفارەتەکان بارەگاکانیان لە پایتەخت لە کوێیە ..!!! چەند منالە دەوڵەمەندێک ئەگەر لە ئامادەیی پلەی باشی کولێژەکانیان نەبووایە دەچوونە پۆلۆنیاو رۆمانیاو بلغاریا، جاروباریش شیوعیەکان سەردانی موسکۆو چیک و وارشۆیان کردبوو.

ئێمە سەفەرمان نەکردووە، فرۆکەیەکی نەفەرهەڵگرمان بە ئاسمانی شارەکەمان نەدیبوو، منالّ بووین لە سەربانە نەوی و قوورەکانمانەوە دەمانبینی فرۆکەی جەنگی چۆن گوندە نزیکەکانیان بۆمباباران دەکات، فرۆکەخانەمان لە شارەکە نەبووە، کەسمان لە حەوت پشتیش فرۆکەوان نەبوو، نەمانزانیوە یەک کەس لە قۆناخەکانی خوێندنمان کرابێتە فرۆکەوان، کیژێکمان قەت نەناسییوە لەناو فرۆکە خزمەتی کردبێت.

ئێمە سەفەرمان نەکردووە دوورنەکەوتینەتەوە، کە سەفەریشمان کردبێت، کەفیل و وەکیل و دەلیلمان هەبووە. کە یەکێکمان لە حەج گەراوەتەوە، تا باسی سەفەرمان بۆ بکات، سەفەرمان کردووە بۆ بەغدا پێشوازییمان کردووە، بۆ هێنانەوەی ( کونیە)ی تەسریحبوونمان سەفەری بە×رەو حبانیەمان کردووە، لەگەڵ کۆچرەوو کۆرەو سەگوەرو پێشرەوو پاشرەو سەفەرمان کردووە، لەگەڵ نەخۆشێکی خۆمان سەفەرمان کردووە، دایک و باوکمان لە شاران گێراوە، بۆ نووشتەو دوعاو بخوورو پەرۆکی کەسک و چوونە سەر مەزارەکان سەفەرمان کردووە. من منالّ بووم لەگەڵ دایکم بۆ مەزاری ئیمام عەلی سەفەرەم کردووە، من بەناچاری لە بەغدابووم، چوومەتە سەر مەزاری شێخی گەیلانی، واماندەزانی ئەویش کوردبووە. باوکی زۆرمان مردو شاری رەواندوزی نەبینی، دایکم چاوەکانی نەمان و شارێکی تری نەبینی، کێندەرێمان دییوە، کێندەرێ شارەزایین .. ئێمە سەفەرمان نەکردووە، حەقمانە نەزانین سیسیلیا لەناو کام دەریایە، سەر بە کام وڵاتە، نەگەراوین، نەوێراوین، ترساوین، راونراوین ...

ئێوە دایکتان پۆلۆنی و باپیرت چیکە، ئێوە باوکتان لە هامبۆرگ ژنی هێناوە، پوورتان لە تەنزانیا لە کەنیسەبووە، بۆ فێربوونی ئەسپانی چوونەتە کوبا، بۆ زانینی مەلەوانی بن ئاو چوونەتە تایلاند، بۆ خواردنەوە لە یۆنانن، بۆ رابوردن لەسەر پاپۆرن، بۆ منالّ هێنانەوە لە کۆلۆمبیان، بۆ باستۆو گەرماوی بوخاری گەرم لە فنلندان، بۆ ... بۆ دیتنی فیل و پلینگ دەچنە سەحرا،

بۆ گەرماو تیشکی خۆر ..

بۆ ماچی زۆر ..

بۆ شەرابی سوور ..

بۆ دیتنی مەرجان و ماسی رەنگ سوور ..

بۆ پیتزاو کەنافەو بخوور ..

بۆ خوێندن و پراکتیک و سێکس و پوور ...

ئێوە زۆر سەفەر دەکەن.

کە پیربووم و سەرم سپی بوو چاوەکانم کرانەوە، کە ددانم نەمان، کە شەکرو پاڵەپەستۆی دڵ و خوێنم بۆ هات، ئینجا پاساپۆرتم وەرگرت، کە کارو منالّ و مەسئولیەتم زۆربوو، دەتوانم سەفەربکەم، تازەش ناوی شارەکان و دوورگەکان و خواردنەکانمان پێ ئەزبەر ناکرێت.